شێخ نەقشبەندی

# رازی چاوبازان



مـۆنراوە

# رازی
و
# چاوبـــازان

١٩٧٧ ز

م ـ ئیحسـان نەقشـبەندی

چاپخانەی کامەرانی سلیمانی ـ ت ٢٣٥٠٨

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز :

خۆم بە بەختەوەر ئەزانم کە توانیم چەپکێ
سۆزو ئەندێشەی ڕەنگاوڕەنگ ،
پێشکەش بەئێوەی خۆشەویست بکەم
بەوپەڕی شانازیەوە وەک دیاری
دڵدارێکی سۆفی بەناوی ( ڕازی چاوبازان ) ەوە .
ئومێدەوارم جێی ڕەزامەندیتان بێ . . . .
. . . لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا .

م . ئیحسان . نەقشبەندی

# « سندبادی چاوانتم »

لەگێژاوی چاوەڕوانی دلداریما . . . .

پەیمانم بەچاوانت . . دا .

لەمەلبەندی خوپەرستی . . مناڵیما . .

دڵم وەک پەروانە بەردا .

کێ دیویتی ؟

کێ دیویتی ؟

پەروانە شەیدای دەریا بێ ؟ ! !

کێ بیستوویە ؟

کێ بیستوویە ؟

دەریا . . مۆم . . تیا داگیرسابێ ؟ ! !

ئاسکۆلەکەم :

لەشینایی چاوانتا . .

ئاسمانو دەریا . . یەک ئەگرن .

نەرمۆلەکەم :

لەگەل لەرەی سێوالتا . .

هەزارەها . . ( جوولیێت ) . . ئەمرن .

بڕیارم هی سند بادەو . .

کەشتی کەشتم لەچاوتایە .

دەبا . . من بەقوربانتی کەم
مەڵێ ئەم دڵە ساوایە .

ـ تکایە ـ وەیا « دڵداری شپرزەیی‌یە »

دەستی سڵاوم . . بۆ . . شکا . . !
پێشوازیم . ماڵ ئاوایی‌یە .
بمکە بەکوڵ . . بۆ ئەگریجەت .
تەمەنم . . وا . . . . کۆتایی‌یە .
گیانە . . دەستم بگرە . . بەناز .
کەر . . دڵ . . مەیلی لەشایی‌یە .
شەوو ڕۆژم لا . . چون یەکە ،
ئەمەش . . ماکی . . دڵداری‌یە .



# « ئەی دووکەڵ مژ »

منی لە دووکەڵ . . سووتاو تر . .

« چ » ڕەوایە ؟ .

دووربم لەمژینگی گەرمی . .

ئەو . . لێوانە . .

ئەو . . گۆنایە .

*　　*　　*

ئەی دووکەڵ مژ ،

ئەی ئاڵتوون . . قژ ،

میهرەبانی . . .

کەی . . ئاوایە ؟ !

*　　*　　*

ئەو جگەرە « سێت مۆریس » ەی . .

قەشەنگ . . لەنێوان . . لێوتایە .

جەرگم لەگەڵیا ئەسووتێ . . . و

جەرگی بۆ هار ، بۆ سۆی . . نایە

*　　*　　*

من دێوانەی . . ئەو لێوانەم

من سۆفی ترم . . لە سۆفی

دەسەیرم کە

ئێم ئەکەی . . بۆ . .
بەرماڵم لەبن دەستایە !

## « یادت ئەکەم »

لەگەڵ ڕەوتی بێ چێ پێما . . یادت . .
هێلم . . بۆ . . ئەکێشێ
لەکەوزو . . تلی . . شەوێما . . تاسەت . .
فرمێسکم . . ئەنوشێ
شیرینەکەم . .
بۆیە هەرکات . . لەیادمی و . .
بیرت ئەکەم
یادت ئەکەم ، کەسەیر ئەکەم ، ئەبینم تۆ . .
لەژینما . . تەنیا . . خەوێ بووی
تاسەت ئەکەم ، کەئەروانم تێ ئەکەم تۆ . .
خەوی . . قلیمی . . شەوێ بووی
یادت ئەکەم ، لەبیرمە ، تەنیا کەشتێ
تۆ . . هەڤاڵی ڕێ ڕەوم . . بووی
دەسا توخوا بببوورە لێم
بەئاشکرا . . کەپێت ئەڵێم :

حەواڵی تاقە فلیمێ

فلیمێکی کاڵی خەوێ

خەوێکی هەڵبزرکاوی . .

بێ تاقەتێ نیوە شەوێ

خەوی کەشتێ

کەشتی خەوێ

تاسەو ئەشکەنجەی . . ڕێ ڕەوی .

بۆ نازانی . . لەشەوێکا

لەفلیمی . . نـاو . . خەوێکا

« نیرۆن » . .

هەموو « ڕۆمای » . . سووتان ؟ ! !

# « من و تۆ و پێك »

من و تۆو پێك ..
سێ کوچکە بووین .
لە خەونێکی .. پەمەییدا .

من و تۆ هەردووك ...
دوو دوو ..
لە کونجێکی .. ئاوایدا .

من یەك
تۆ دوو
ماچی لێوت ...

سێیەمان بوو .

ماچی لێوت ..
سێیەمی چیو ؟ ..
دووەمی چیو ؟ .
یەکەمی .. چی ؟ .
ماچی لێوت ..
دوا خەڵاتی ڕۆژێکی ..
زۆر ستەمان بوو .

پەیوەندیمان . .
ئاشکرا بوو . .
وەکو « تەواف » . .
بێ دەعوا بوو . . .
بۆ بەرت چوو مەمك مژین . . ؟ ؟ . .
پیشەی . . سەدەها شەومان بوو !

*        *        *

من ئیستاکەش وەك ساوایەك
گەر دەستم لەسەر مەم نەبێ ! !
من و تۆ گەر چاومان لێك نا . .
هەردوو زارمان . . یەك دەم نەبێ . .
وانەزانم . .
ساوامو دایکم . . مردوە .
دەستی ستەم . .
دایکانی گشت . . قڕ کردوە .

*        *        *

من و تۆو پێك . .
سێ کوچکەین و . .
ئەم ڕێکەوتەش . .
شانازیە . .

ئەم ڕێکەوتە . .
ماکی هەزاران . . ڕێڕەوی . .
چاوبازیە .
تێم مەڕوانە بەکینەوە
خۆ دەستم هەڵ نەگرتوە
من هەزار جار . . دەستی ڕاستم . .
بەناو . .
تێژابێشا . . چوە . .

*　　*　　*

ئەمە منم
ئەوەش پێکەو
تۆش سێ یەمی .
کێ ی گومانە . .
کە ئەتبینم . .
وا . . بێ خەمی .

# « دڵێکـــــــی دیـل »

لە ســاڵێکا
لە ڕۆژێکا
لە ســاتێکا

کە مەســتت بووم
بەشۆکاوی دوو چاوی جیلوەداری . .
بێ مەبەستت بووم
برینداری بزەی سەر لێوو خەندەی دوور . .
لە مەستت بووم
کە دەستت خستە ناو دەستم . . بەدیلو . .
کۆت لەدەستت بووم
بەبێ پەراو دڵم دانا . . لەسـاتێکا . . لەڕۆژێکا .

*　　*　　*

کە ڕۆژ پرشنگی ئاڵتوونی نەماو . . تیشکی
لە چاو ون بوو . .
لەترسی لەشکری شەو نوقمی ناو دەریایی
بێ بن . . بوو . .
کە ڕۆژی ڕووت چراخانی جیهانی کرد . .
دلی من . . بوو . .

شاپۆلی عەشق هەوای دایە کەناروو . .

گۆتی ئاسمان بوو .

لەگەڵ دیلی کەنارانا . . لەساتێکا . .

لەڕۆژێکا .

## « من و . . . قاوەی چاوت »

ڕەنگی چاوت قاوەیی‌یەو . .

منیش . .

تینووی یەك . . فنجانم

ڕەنگی بسکت خورمایی‌یەو . .

منیش . .

وەك زەهرە . . ژیانم

خانمەکەم :

من پێکراوی

تاڵی‌و شیرینی تۆی . . جوانم

هاوار . .

نەکەی . . جێم بهێڵی . .

زۆر . . دەمێکە . .

چاوەڕوانم .

# گیسانە ـ ببوورە

کولی خەندەت

کولی کولمت .

کولی ڕووت . .

سەرووی بەژنت . . لەرەی لیمۆی . . خەمل بووت . .

خەلاتیان کوشتنە . . بۆ من

برینە

بەبێ ڕاوو شکاری باغی

سینە .

بەسەیرێکو . . تەماشای چاوی بازت

لەبەکەرمیو بەسۆزی عەشقو نازت

دلی ساواو گرفتارم بەبێ دەنگ

بەسووتاوی کەڕانی سازو ئاهەنگ

دە بم ببوورە

لە خەندەو

پێکەنینم

هێنێ سەودا سەری

زامو

برینم .

# دوا وچانی . . . تامەزرۆم

دوا وچانی تامەزرۆم . .

دوا
جێ پێم بوو .
جێ نزرگەی . . منداڵیم . . بوو .
کە بۆی گەڕام . .
کە دیمەوە . .
بڕینی یادی پڕسۆزم
وەکو تەمەنی ئاڵۆزم . .

حەپەسابوو .
دەست لە ملانی کە لەپووری
ساردوو سڕی . . تا . . ئەوسابوو .
بەفیزەوە لێم ئەپرسی . .
کێ . . تەنگاو بوو . . لەدەست مردن ؟ ؟
کێ تینوو بوو . . بۆ خۆکوشتن ؟ ؟
منی تینوو . . تینووی لێوت . .

هەردووکیان بووم
ساتێ قاقای پێکەنین و . .
ساتێ ژان بووم
وا ئێستاکەش وێنەی جاران

« پەیەن دەرپەی » . .

« چەرمە سەرەم هەرچەند ئەدەی

ئەدەی »

وەیشوومە پەیتا پەیتاکەت . . واتەنۆشم

وەك پێکی مەی

*   *   *

دوا وچانی تامەزرۆم . .

دوا جێ پێم بوو

جێگەی ڕەوتی منالیم . . . . بـــوو

جارێکی تر کەدێمەوە

جارێکی تر دۆزیمەوە

جارێکی تر بەسەر تەنافی

مەرگما . . . پەڕیمەوە

من مەرگم دی کەپێم گەیشت ؟

دەست پێشکەری . . . من . . .

. . . ئەوم کوشت

ئا بەم جۆرە وەك دەروێشێ

ڕەندێ ، جووتیارێ ، کۆڵ کێشێ

لەبەر پاراوی بەلێنت
پشتم بەست بەکەرەمی خوێنت
چاوم پۆشی لەڕابووردوو
هاتم بۆلات بەبێ سێ و دوو .

## جەژن . . . ئەگری ؟ ؟ ! !

*   *   *

ڕاستە منال بۆشیر ئەگری . .
بۆ مەلێ . .
بۆ دەنکێ نوقڵ .

*   *   *

ئەشێ گەورەش لەژیانا
ئەشک بڕێژێ
لەقاو چڤل

*   *   *

بەڵام ئەمدیوە لە جەژنا
جەژن هەرخۆی
بۆ خۆی بگری . .

تۆ « جەژنی هەینی گەورەمی »

ئیتر بۆ وا . .

بەکول ئەگری ؟ ؟ ؟

## کێ ئەزانێ ؟

لەبەر نازی چاوی ڕەشت

شەوم خۆشویست

لەسەر شەوی پسکی ڕەشت

زەردەشتم . . . کوشت

ئەی ئەگەر بێتو . . . ڕێکەوێ . .

ماچێ لێوت . . خەڵاتم بێ . . ،

گیانە . . تۆو چاوت . . پێم ناڵێێ . . .

ئەبێ بەو ماچە . . . . .

چیم لێ بێ ؟

# پرسیارێکی ترسنۆک

کچانە بوێرم بپرسم ـ بڵێم .. تۆ چیت ؟ ؟

تۆ فریشتەی ؟

تۆ خوای جوانیت ؟

تۆ هێزاوەی « نالیو خانیت » ؟ ؟

بڵێم گوڵ وەک گوڵمت .. وایە ؟

بەڵام کوا .. ئەو پێزەی تیایە ؟

گوڵ بێ‌شەو قەو بەڵام گۆڵمت ..

شەوق و گڕی .. بێ هاوتایە .

بەژنت گۆستی « ڤینۆسی » خست

« زینیش » ژینی بوو بەماتەم .

منی گێژی ئەم ...... گێژاوەش ..

سەرسامی ئەم خەیاڵانەم .

# چــــۆن ؟

مەی دلکەش . . وەك . . پەروانە
چۆن ئەتوانم . . بەسۆزنە بم ؟
مەیێ فێری عەشق بازیو . .
ڕێبواری ئەو ڕێو شۆێنە بم
مەی جوانی پەرستی مەنگ
مەنگیم بێ دەنگی دەریایە
هەموو جیلوەو ترووسکەیە
پایەی لەلام زۆر بالآیە
مەی پرچی ئاتشیو فاتمە
بەهی نازدارێ . . ئەزانم .
مەیێ بەژنی دار سەروو یەك
وەك هی شۆخی تێ ئەڕوانم
مەیێ کەشکەداری لەرەی . . .
سێوو . . لیمۆو . . پرتەقالم . .
مەیێ گەردنی باخی سینەت . .
بە برژانگی چاو ئەمالم . .
مەیێ گەرمی دوو لێوی ئال
وەکوو تێزاب . . . بم سووتێنێ

مەێ ورشەی دووچاوی کاڵ
لەناو زیندان دەرم بێنێ
ئیتر تۆی خواوەندی جوانی
چۆن دڵم گوناهبار ئەکەی ؟
ئەمەش لە ڕووی نازەوەیە
یان شیعرم شەرمەزار ئەکەی ؟


## ... تۆ بێ من چیت ..؟.

بەدەستو پەنجەی ئەندێشەم
من پەیکەری تۆم دروست کرد
لە گەرمەی خەوێکی - « گەشا »

*　*　*

خەوی « خەم » تیا زاخاو درا
وەك ملوانکەیەکی ئەلماس
لەملی کچێکی ... ڕەشا .

ئێستاش هەردووک دەس لەدەستا .
خەویش ماکی .. نارەزوە .
بەڕاستی کێ لەخوماران ..
« مەی نۆشەو » تۆبەی کردوە ؟ ..
تۆ لەخەو سۆزو ئەندیشەی پێکەکەم ..
هانیمە دی .
چاو لەم ڕاستە نەپۆشی -
دنیابە .. بێ من .. هیچ نی .



# « بۆ ئافرەتێکی مار »

من ( ئەواس ) نیم
لە ناوکتا سەتڵێ ویسکی
بخۆمەوە .
من فرمێسك نیم
بەدڵۆپێ .. ڕازی کۆنت
بشۆمەوە
گەر ( زۆر با ) بەو بەڕووتەش ..
سەمای سەرەمەرگم بکەم ..
پێکی لێوی گوناهبارت
هەرگیز نانێم بەلێومەوە
وانەزانی کە پێم ئەگەی ..
سلاوم بۆت قەدەغە .
یا بێ وچان وەکو چاران
سۆزت لەلای من هەر هەیە
من بتی بەژنی جوانی تۆم
لە هەستما لەتو پەت کرد
من ئەبوومی خەیاڵانی
تۆ پەرستیم زوو لەناو برد

ناشی بووم کە فرمێسکی تۆم

بەفرمێسکی « یاقووب » ناسی ..

کانێ یەخەی خۆت دادڕی ..

دیم منال‌و وڕو .. کاسی

ئابەم چەشنە منی دلساف

وەك هەرزەیە ڕێم بزر کرد

کانێ دەستی بێ گەردی خۆم

بەرەو دەستی زەهراویت برد .

# تۆ بۆ ئەگری

تۆ .. بۆ ئەگری ؟
من فرمێسکی قەتیس ماوت ..
بەلێوی قوولترین زامی ..
هەموو ژینم
هەل ئەمژم .

* * *

تۆ بۆ ئەگری ؟ .. بۆچی زیزی ؟
گەر بزەی لێو بەخوێنیش بێ
من هەر ئێستا
خۆم ئەکوژم .

* * *

تۆ بۆ ئەگری ؟
بۆ نامناسی ؟
دلنیابە .. ئەگۆڕراوم .
ڕێبازی من
ئاشکرایە
بۆچی ناڕوانیتە .. چاوم ؟

# بۆ نوقڵێکی ترش و شیرین

هەوێنی سۆزو ئاواتو . .
تەنافی کوشتنو مەرگم
شەماڵی کاتی سووتانو
سرەوتو ئاهی بێ دەنگم
فریشتەی گۆڕی تاریکو
نیشانەی دۆزەخو مردن
پەیامی یاری دڵ سووتاو
سروودی کاتی کۆچ کردن
هەموو ئەنجامو ڕازی شادمانیمو پەشۆکاویم
سەراسەر هۆی پەژارەی دڵ بێ شەوگاری داماویم
ئەوا من خۆمو خۆشیمو
دڵی کەیلم بەساقەت کرد
دەســـا تۆش خۆتو
خوای جوانیتو مەرگی ئەم
دڵەی
وا . . مرد

# زەردەشتی سەدەی بیستەمم

کە تێم ڕوانین ..
دوو بەچکە مراوی .. سپین .
جوولاّیتەوە ..
دوو سێو .. لەرین

✱ ✱ ✱

جووتە مەمی قیتو سپیو ..
تــا .. لێ .. هاتووت
پاش شەیدا بوون لاوانمیان
هەردوو .. بە .. جووت

✱ ✱ ✱

مەلەوانم ..
ئاو ڕوون کەرەوەی .. شینایی
دوو .. چاوانم

✱ ✱ ✱

ئاوی ئێێێم شەپۆلەو ..
جەستەی شۆخت ئەشۆمەوە .
تینووبم یـا تینو ئەبم ..

لە چاوتا . . خۆم ئەخزمەوە .

✖ ✖ ✖

ئەکەی لێوت بجوولێنیەوە . .
شتێ بلێی . .
لەرەی لێوی گرتێ بەربووت . .
تێی کەیانم . . . تۆ . . چی . . ئەلێی .

✖ ✖ ✖

زۆر تەواوە . .
من دەستم لەخۆم شتوە . .
کچێ ئەك دەست . . هەی مال ئاوا . .
من دەمێکە . . خۆم کوشتوە .
هەموو ژینم لە دەریای چاوەکانتا
نوقم بوە .

✖ ✖ ✖

ئێم ئەتۆرێی . . وام تێ ئەگەی . .
ڕێبازی خۆم ون کردوە . .
من زەردەشتی ئەم چەرخەم و . .
سوژدەم بۆ « دەریا » بردوە .

# دیاری هۆنراوە

لەگەل ریچکەی خەمەکانما
بەترسەوە هاتم بۆ لات
وەك تاوان باریکی سەرسام .

✱ ✱ ✱

لە مەلبەندی چاوەکانتا
لەپاش نووشتانەوە سێ جار
وەك « بت » وەستام

✱ ✱ ✱

من نەبتم نەبتەوان
من شاعریکم مال ویران

✱ ✱ ✱

ملوانکەیەکی هۆنراوەم . .
بەدیاری بۆ تۆ هیناوە
ئەی بەژن جوان

# ئەم شەو

شیرینەکەم :

کەم جار بۆ من شەو ئاوەلە . .

بەرێژە . . وەك :

ئارەقی . . بەر هەتاوی نیوەڕۆی . . هاوین

یا بەفێزە . . . . :

هەر وەك شەتڵی کولێکی قەشەنگو نەخشین

ئەمشەو . . وامن . . میوانتم . .

شەو بەترسە .

ئازادی من « کەرویشکێکە » . .

بەرەڵای کەو . . .

لێی هەپرسە .

# ساوا .. شەرم ؟

ئەی چاو کەژاڵ :
دیاریم .. بۆ .. تۆ .. کوورەی ڕۆژەو ..
وشەکانم ...
بەخیابانی خەفەتا بۆیان هێنای ..
هیچ خۆتت تێ نەکەیان

*   *   *

وشەکانی من سۆزێکن
سپی سپین .. وەك چوری شیر .
ساوا ساوان .. وەك کۆرپەیە
بۆیە هیچ شەرم
نازانن .

# منیش هاسیم

بووکەڵەکەم - بۆ لێم زیزی . .
بۆ چی تیایە . .
ئەگەر ڕۆژێ سوژدەم دواخەم ؟

* * *

چی ئەقەومێ . .
لەجێی بەرماڵ . .
پارچە شیعرێکت . . بۆ . . ڕاخەم ؟

* * *

چی ڕوو ئەدا . .
چاوی کچی چامەیەکم . . قاوەیی بێ ؟
یان چی ئەبێ . .
ئەگەر پێستی . . سوور ئەسمەر نەبێ و
سپی بێ . ؟

* * *

« چ » ڕەوایە . .
ئەگەر یەك دوو وێنەی شیعرت
بەدڵ نەبن

بێ چەندوو چوون بۆم ئەنووسی
شیعرەکانت .. درۆزن ؟ !
من لەنامەی ئەم جارەما .. بۆ نووسی بووی :
جوان تر لەژین چاوی شینە
هۆی گریان و پێکەنینە ..

من بەرەفتار وەکو ماسیم
تەنیا بەشینایی ئەژیم
بووکەڵەکەم دڵنیابە .. وشەم یەکەو نابێ بەدوو
چیم پێ وتیو چیم بۆ نووسی وشە وشە
بوڕاستم .. بوو

* * *

ئەم جیهانە وەك .. کوڵێکەو ..
کوڵیش تەنیا .. بەئاو ئەژی
هەر شینایش بەردەوامە
ئیتر « زیزی .. تۆ » لەپای چی ؟ ! ! ؟ ؟

# سێو قڕان

جەنجالیەو ..
سەرەگرتن ..... ... سێو قڕانە .
من .. بۆ سێو .. سەرە ناگرم .
پێویستی من بەسێو کەمەو ..
.. تەنیا دووانە .

*　*　*

هۆ خرپن گیان .. منی گرۆز ..
گرۆزتر لەساوایەکی ..
تەواو گرۆز ..
وام پێخوشە .. لەخاکوپای سێوەکانتا ..
بگریم .. بەسۆز .

*　*　*

خرپن گیان :
ساواکە گریا
بۆجووتێ سێو
لەبەر دەمیا ..
ئەگەر قەدەغەت کردن لێی
ئەوسا ئەبێ « شیر » بدەی پێی .

# « تکایەکی بێزار »

چاوەکانت دوو ئەستێرەن ..
وێنەی خۆم لەناخیانا
ئەرمێنێکەو پێم پێ ئەکەنێ ..
تووخوا ئەگەر ..
بەیادی بریندارما ..
گوزەر ئەکەی .. ئەنیا شەوێ ..
برینی یاد .. هەر خۆی ..
هەرهەمێکی .. پاکەو ..
بەهەموو .. زامو برینێ ..
پێ ئەکەنێ .

## « سێ گــڕ »

لە چاوی ئەستێرەی گەشتا
سۆزم بۆ وا دوور ئەنوێنێ
وا دیارە . . خۆم ڕەوتم چەوتەو . .
سۆز ڕۆژی دووریم . . ئەشکێنێ
ئـاخ لە مـن و
ئاخ لە سۆزو . .
ئاخ لەبرین . .
دەنگێ بەگوێما چرپانی :
خۆ ئەگەر . . گڕنەبین . .
ئەمرین .

# « بـــۆ كوێ »

چاوەڕوانیت خواردمیەوە . .
وەك من چۆن بەتەنیا سەیری . .
دەریـای چاوت . . ئەخۆمەوە .
ئەی ئەو خوایەی . .
بەسەر هەموو زامەكانما
خۆت كێش ئەكەی . .
بۆ پێم نالێی . .
لەم كەشتە ترسناكەدا . .
بۆ كوێم ئەبەی ؟ ؟ ؟

# سەراب

کە ئێواری ڕووی تاڵ ئەکا .. شیرینەکەم ..
ئەزانی .. لەدەست تەنیایی و .. لەتاو دووریت ..
من چی .. ئەکەم ؟
ڕوو ئەکەمە .. ئەو وێنە بێ وێنە شەنگەی
پار .. بۆت ناردم ..
خۆم ئەدەم بەدەم لافاوی بێ سنووری ..
ئەندێشەوە ..
لاڕوومەتم .. ئەسووم لەکوڵمی سەرابت

✱ ✱ ✱

پاش ئەوەی تێر زمان لەدەمتا .. ئەگێڕم
لێوت ئەمژم ..
یەك دوو قوم مەی لەو زارە تەنگە خونچەیەت
هەڵ ئەمژم ..

✱ ✱ ✱

لەپاش ئەوەی .. لەپاش ئەوەی ..
دوگمەکانت ئەکەمەوە ..
مەمکە قیتە شێتەکانت .. ئەنووسێنم ..

بە سنگمەوە

رایان دێنم ..
ئەیان نوێنم ..
پەنجەکانم پەتو شانی « مانیکانت » ..
هەڵ ئەکلۆفن ..
چاو لێك ئەنێی .. چاو لێك ئەنێم ..
تەوژمو کڕ وەك کارەبا ..
لەسەرمەوە ..
لەپێمەوە ..
واهەست ئەکەم بەتەواوی
ئەتوێمەوە
ئەبڕێمەوە .
لەوساتەدا کەتەوژمی وەك فێی حەزم
بەلەشمادێ ..
کە پەری شەنگی سەرابت بەناو خوێنما ..
دێتو دەچێ ..
وا ئەخوازم ئەو لافاوەی بەیەکجاری ..
رای رفانووم
نەك لافاوی سۆزو سەرابو ئەندێشەو ..

شێتی و ( فێ ) بێ ..
ئەکیانەکەم باوەڕت بێ ..
ئاواتمە هێ مەرگم بێ ..

## « ناونیشانی چامەیەک »

سەیری چوار دەوری خۆت ئەکەی ..
کاسو .. سەرسام ؟ !
ئەچرپێنی چۆن وا یەکسەر ..
هاتیتە لام ..؟ !
زۆر دەمێکە من ڕێبازی چاوبازانم ..
بواردوە .
من لەم گێژاوە .. ڕەشەدا .. ئالاوی ..
مەرگم چێشتوە .
تکا ئەکەم : بەجێم بێلەو ..
بڕۆ بەڕێکەی خۆتەوە .
خاتوونەکەم .. گوێم لێ بگرە :
من لەوشەی گوڵە مێخەک
لە ئەندێشەی شینی ئاسمان

لەسۆزی هەزاران «مەم» و «قەیس» و ( دیوانە ) ی

.. ماڵ وێران .

کۆترێکی سپیم ...... خولقان .

دای لەشەقەی باڵ بکەرێ .. بۆ .. ناونیشان .

بۆ چامەیەکی ناسکی تەڕ وەك کوڵی ..

دار ئەرخەوان ..

ئەوا کۆتر لەسەر شانی تۆ نیشتەوە ..

ئەی شۆخی جوان

# « دوا بڕیار »

لووتکەی عیشوەو قەبزەو نازت
ڕامم ناکات وەك خومارێ . .
هەرچەند لێوی نەرمو گەرمت
نم نم عەتری لێ ببارێ . .

گەرمانێك داگرێو بۆم بێنی . .
لەسەر بەری دەستی نەرمت
لاملم گەر بسووتێنی . .
بەهەزا سەو « ئۆفی » گەرمت

سەری ماندووم بلاوێنی
لەسەری سینەی مەرمەڕینت
ئارەقی ماندوێتیم بسڕی
بە دەسرۆکەی ئاوریشمینت . .

دوێنێتم هەر لەبەر چاوە
وەك « پۆستەرێکی » خوێناوی
تازە . . لە ( شانۆی ) ژینما
تۆ « ئەکتەرێکی » بێ ناوی .

# دڵ یـــا پــەردە ؟

بە بەر دەمی . . ماڵەکەتانا . . خۆم کێش کرد . .
پەنجەرەی ژوورەکەتم دی . .
پەردە سەوزە قەرسیلیەکەی . .
بەقەد بستێ . . لادرابوو .

✖ ✖ ✖

لەو سەریش کە گەڕامەوە . .
بەتیلەی چاو سەیرێکم کرد . .
نازانم یان لەترسابوو . .
یان هەر وابوو . .
پەردە ئەختێ لەبست . . زیاتر
هەڵکشابوو .

✖ ✖ ✖

بێ گومان کەوتمە گومان . .
« دڵم » وتی : لەخۆی بەولاوە کەس نی یە .
« وتم » نەفام « نەمروود » فرمێسکی بۆ چی یە ؟ .

✖ ✖ ✖

ئەو دوێنێ شەو بەمنی وت :
« هەموو شتێ کۆتایی هات » .
دەی من بەکێ باوەربکەم ! !
« دڵ » یا « پەردە » یا دوائاوات ؟

# بۆ خاوەنی دوو چاوی تەواو قاوەیی

ئەی خاوەنی دووچاوی تەواو . . قاوەیی . .
ئەنجامی بێجورئەتیمو . . خەویکی خۆشی
پەمەیی . .
سێ ساڵە زۆران بازیمە . . لەگەڵ . .
دێوی . . دوو دلیا . .
وا بەهاندانێکی « بزەت » بەدەستێ . . دام . .
بەزەویا .

✖ ✖ ✖

ئەی خانمی چاو قاوەیی . . وامن ئێستە . .
لات دانیشتووم .
ئەوەی لەدڵتایە نەیڵێی . . خۆم . .
کڵاوێکی . . بابردووم .

✖ ✖ ✖

خانمەکەم :
من « بۆ » کانم گەردنمیان توند کرد
لەداوت .
دەبفەرموو با « ئەوانیش » مژێ بەن
لەقاوەی چاوت

« بۆ » پرسیارێکەو ئەدوێ . .
« بۆ » وەڵامی لەتۆ ئەوێ . .
منیش لەم « دایەلۆک » ەدا . . هیچ وەڵامێکم لانیە .
تەنیا هیوام هاتنەدی . . خەوی . . خۆشی .
پەمەییە .

* * *

ئەی خانمی چاو قاوەیی . .
« بۆ » پێم نالێی چی . . وانەکا ؟
کەپرسیم بێ « بۆ » توسقاڵێ سۆزی شێوەت
تێرم ئەکا ؟ ؟

* * *

ئەی خانمی چاو قاوەیی . . چییە ئەم سیحرە
ئەنوێنی ؟ ؟
کەسەرمام بێ تاسەی سینەت . . « بۆ » خەریکە
ئەمسووتێنێ ؟ ؟
کە تینووم بێ ( بۆ ) سەرای چاوەکانت . .
ئەمخواتەوە ؟ ؟
کە کەرمام بێ شنەی پسکت . .
تاقکەیەکەو . . ئەمشواتەوە .

* * *

ئەی خاوەنی دوو چاوی تەواو قاوەیی

« من » نا نەمەم ، دە ( تۆ ) ش تۆسقالێ

بەزەیی .

## کۆڵ نــەدان

بەناڤکەی یادی سوورتا
وەك ماسیکەی دێوانە
خۆم کەیانە دەریای چاوت

✖ ✖ ✖

لەگەڵ هەنـگی دوورتا
پێکی دەستم ڕەش داکەڕا
وەکو بسکی ڕەشو خاوت

نازدارەکەم — بۆ بیرت چوو
دڵم لای خۆت — بارمتەیە ؟

✖ ✖ ✖

بۆ نازانی لە فەرهەنگی دڵداریا
شادیش هەیەو
زیزیش هەیەو
دووریش هەیە ؟ ؟

# بڕیـــاره دێـم

هەزاران موستەحیلی ڕەش
پێ شێل ئەکەم .
بەسەد زمانی جۆراو جۆر
ناوت ئەبەم .

* * *

شەوکارم کفت یا جەنجاڵ بن . .
بەناوەڕاستی شەقامی چاوی خۆما . .
هەنگاو دەنێم .

* * *

تێشووم خەمو یادو سۆزە . .
دڵنیابە . .
لەنیوەی ڕێم .

# « گەشتی هات و نەهات »

کیانە گەشتی من گەشتێکە . . وا دیارە قەت . .
دوایی نایە .
من ڕێبواری کێتی چاوم بۆ « بلیت » و . .
بۆ « سەرمایە » .

*　　*　　*

بەجیهانی هەموو جۆرە . . چاوانێکا . .
تۆ پەڕیوم . .
بەڵام ئەوەی وەستانوومی و . . تێشی ناکەم . .
چۆن چاوی ڕەشی بەورشەت . .
هەموو هەستی لێ دزیوم ؟ ؟ ! !

*　　*　　*

چاو و برۆ و زوڵفی ڕەشت . .
شەوکارێکن . . دیلیان کردووم .
ئامان زەردەشتی دڵەکەم . . سۆراغێ . .
ماوم . .
یا مردووم ؟ ؟ ؟

# .. بۆ ئاگاداری ..

چەندت دیبێ‌و کێت ناسی‌بێ .. من جیا وازم .
وا زوو لەخۆت بایی نەبی « بەیداخ شۆڕ کەر » نیم ..
من .. بسازم .

*　　*　　*

دوێنێ کەتۆ ( شەهرەزاد ) بووی .....
( شەهرەیار ) ە کانت ( بت ) بوون .
بۆیە بەیەك ( بزەی ) زەردت ...
تیا چوون .

*　　*　　*

وەك پێم وتی ( ئاگادار ) بە من جیاوازم .. و ..
ئەوان نیم .
ئەگینا لەپاش ( قەلو بەرد ) بەڵەد ئەبی
کەوا من چیم

# ســـــــهما

چاوت بەس لەچاوم ببڕە . .
پێزی ژینم .
من لەم هۆڵە نەخشاوەدا . . لەتۆ زیاتر . .
کەس . . نابینم .

*　　*　　*

سەما سیحرەو بەژنو کەمەری سیحراویت
هاریان کردووم
باوەڕت بێ زۆر . . دەمێکە . . نازانم . .
ماوم . . یا مردووم .

*　　*　　*

چاوەکانت با سەیرم کەن
تامردنم « مۆدرن » بێ .
من نازانم پێکراوی تۆ . .
ئەمرێ ؟
ئەژی ؟
ئەژی ؟
ئەمرێ ؟ ؟ ؟

# « سروودێکی تایبەتی »

خۆم ناکوژم . . بەئۆتۆمی هێمنیمەو
دەڵێی . . کچم . .
گیانە تۆ ئەو سروودەی : . . .
لە ئێزگەی جموجوولما . .
لە مەمرەجانی ناو خەوما
لە چەنجاڵیو بێ تاقەتی . .
شەوو ڕۆژو . .
ڕۆژو شەوما .
بێ تاقەت چوون . . بێ ماندوو بوون . .
ئەیڵێمو هەر . .
ئەیڵێمەوە .

# سرودی دڵدارێکی لانەواز

شەوگار بێ تۆ وەك کۆست کەوتوو . .

ئەگریم . . ئەگریم .

هەر کەسێ بێو تێم بڕوانێ . .

نامناسێ کێم . . نازانێ چێم .

* * *

بەم جۆرە خەم لەجێی خەوی ئەرخەوانی

دڵدارمە .

خەم لەدەست من . . من لەدەست ئەو . .

هاوارێتیو هاوارمە .

* * *

من مێوانی بێ باوانی لانەیەکی . . لانەوازم

ناوم . . ناوت سۆزم . . یادت

سروودێکی . . زۆر بێ نازان

* * *

ئازارێکم هێواو ئاوات . . ئەبجوون ئەبجوون

لابڕێنمەوە .

چەند لێم دوور بیو چەند لێت دووربم

باوەڕت بێ هەر . .

دێنمەوە .

# دۆستایەتی من و خەنجەر

ئەگەر تۆ خەنجەرێکیش بی‌و . . لەسەر دلم . .
هەل بچەقی . .
کەدەستمت بۆ ئەهێنم . .
نەك بۆ ئەوەی نەمرم بژیم . . .
نەك لەزامم دەرت بێنم . .
پێم بلێ «من» بەبێ «تۆ» چیم ؟ ؟ ؟

✠ ✠ ✠

کەدەستمت بۆ درێژ ئەکەم ، مەبەستی من . .
دەس بازیە .
ئەگەر لەوەش زویریی . . مردن بۆ من . .
شانازیە .

✠ ✠ ✠

دەتوو چاوی ورشەدارت . . تۆزێ ڕووی دلم . .
تێ ئەکەی ؟ ؟ ؟
یاخود تۆ بەهیچ کلۆجێ . . لە( خەویشا )
ناوم نابەی ؟

# « بلـۆف »

گرەو ئەکەم پۆستەچی شار . . ئەبجارەشیان . .

. . . بەهەڵە چوو .

یا بریقەی ناوچەوانی هی بۆیەکەی ئەو دیوی بوو .

گرەو ئەکەم ئەمەش « سەرم » ئەم « نامەیەش » . .

هی تۆ . . ئەبوو .

گرەو ئەکەمو دڵنیام . . هەرچی تیا بوو . .

دەلەسە بوو .

✖ ✖ ✖

دەسەیری کەن چۆن جێ پێکەی لەجێکە پێ ی . .

شەیتان ئەچێ .

تێ ی بڕوانن لەدوورەوە چۆن خوارو خێچ . .

هەنکاو ئەنێ . .

✖ ✖ ✖

نازدارەکەم :

من نامەکانی پێشووتم دەس بەدەس . .

لە ( ڕۆژ ) وەر ئەگرت .

لەنیوە شەوی « پەرچەمتا » بەوشەکانی

خۆم ئەشت

لەمێرکەپانی سینەتا . . ڕاوچی بووم . .
شەیتانم ئەکوشت .
ئێتر بەڕێکەوتیش ئەشێ . . ڕۆژ پێستی شەیتان لەبەرکاو . .
بەهەردوو دەست . .
لەدەرکای دلی من بدا . . ! !
ئەشێ . . ئەشێ ! !

## پۆپەی ڕاڕایی

ڕاوێژم لەگەل سیماتا
لەگزنگی هەلواسینما . . دەستی پێ کرد .
تونێشووم دوو دلۆپ فرمێسك بوون
بۆت ئەگریان .
ترسی ڕەوت دەستەو یەخەم بوو . .
وەکو . . مەرگ
ڕاڕێژ کۆتایی نەهاتوو . . سیمات . .
ڕووناکی لێ دزیم .
ڕۆیشتیتو نامەیەکی « نەنووسراوت » . .
بۆ جێ هێشتم .
ئەی سەد هەزار جار . . ئافەرین . . .
خوای ڕاڕایی .

# ... ئەترسم و ...

لە نەورۆزدا ئەو ڕوخسارەت
بۆ زستانم نیشان ئەدا ؟ ؟
لەچواردەدا بۆ مانگی ڕووت
وەك هیلال خۆی حەشار ئەدا ؟ ؟
ئەترسم گاڵتەم پێ بکەی
ئەترسم فێڵم لێ بکەی
ئەترسم بەم دەست کوشینەش
وەکو منال تەفرەم بدەی
ئەترسمو وێنەی کومان لەچاوتایەو
تێم ئەڕوانی ..
هەموو شتێ سارد ئەبینم هیچی بێ .. ؟
ئاخ ..
کێ ئەی زانی ؟

# « پـارچەیە ڤـالس »

پارچە ( ڤالسێ ) . .
ناوی . . ( دوو مەمکی قەشەنگە ) .
« کە ئەجوولێی » . .
لەبلووزی تەنگی ڕەشتا . . .
خۆیان ئەژەنن ، .
لەگەل یەکدا . . زۆرە . . ئەکەن .
« کە هێمنی . . » . .
لە دەریای ئارەقی . . سینەی . .
مەرمەڕینتا . .
پاش ئەوەی سوخمەکەت . . ئەدڕن . .
« مەلە ئەکەن » .
کەخەمبار بی . . خەمبار ئەبن . .
پەنجەکانم ئەتەزێنن .
پارچە ڤالسن . .
پارچە مانگن . .
پارچە ڕۆژن . .
دوو شەمامەن .
ئەوان ( دوانن ) و من ( یەکم ) .
ئەوان ( ڤالسن ) و من ( نۆتە ) .

# بۆ نەهـاتی ؟ ؟ ! !

کە تەنیاش بم . . من و چاوە ڕوانی . .
دوانین .
دووبرالەین و بەیەکەوەین .
ساتەکانی پاش دۆش دامانێکی . . بێزار . .
ڕێچکەیان بەست . . کەڕانەوە سەر تەختی . .
دەروونی . . تێنووم .
تۆ نەهاتی
بۆ نەهـاتی ؟ ؟ ؟

*   *   *

چاوەکانت لەبیری ئاسۆی خنکاوما . .
دوو ( کەلەپشکۆی ) کەشاوەی . . سوور
وەك خوێن بوون . .
بۆم ئەگریان . .
دەپێم بڵێ . . بۆ ئەگریان ؟ ؟ ؟
کە ئەگریان . . بۆ نەهاتی ؟ ؟ ؟

*   *   *

هەنسکەکەت شەماڵێکی . . فرمێسکاوی . .

چەواشە بوو . .
لەسەر لێوە خەمبارەکەی
( وێرد )و ( جنێو ) تێکەڵ ئەبوون . .
دڵمی ورد وردە ئەپشکنی‌و . .
گومانی لێ هەڵ ئەوەری . .
ڕاسپاردە بوو ؟ ؟ . .
یا خۆی خولیای پشکنینە ؟ ؟ . .
دەپێم بڵێ‌و . .
پێشم بڵێ . .
بۆ نەهاتی ؟ ؟ ؟ .

## دوا بانگ ئاواز

من دەروێش نیم ئێشک کرم . .
وەردیانی شەوی قژتم .
لەکەردە لوول‌و ڕەهێلەی . .
یاخی بوونتا . . بانگ ئاوازمە .

✠ ✠ ✠

سۆزێکی شێت . . جەنجالی . .
ڕام کردنم بۆ . . . . دوای نەکەوتم .

دوای ناکەوم . بانگ ئاوازمە

بانگ ئاوازمە .

بانگ ئاوازمە .

✠ ✠ ✠

لەسای سێبەری ڕەشمالی زولفی ڕەشتا . .

ئێشك ئەکرم .

لەکوختەی دلی خولەمێشی . . پواوما . .

وچان . . بکرە .

چی ئەبینم ؟ ! !

دلم خومارخانەی خوتەو . .

سەلیبێکی تیا چەقیوە . ! !

پێم ئەوتی . . من دەرویش نیم . .

من پەروانەم . .

ئێشك . . کرم . . ؟ .

کێ ئەو ئەهەنگە ئالوزەم لێ دەرئەکا ؟ ؟

من دوێنێ شەو لەئەفسانەی خەویکی ڕەش

درووستم کرد .

کەپێی ئەلێم لەبەر چاوم سەمامەکە . .

هەردوو چاوم بەدوو دەستی زەهراویەوە

هەل ئەگلۆفێ .

سەما فرمێسک خولانەوە

خولانەوە فرمێسک سەما

لەسای سێبەری ڕەشماڵی زولفی ڕەشتا

بانگ ئاوازمە

بخولێمەوەو . . . . . نەخولێمەوە . .

ئێشک ئەگرم

بانگ . . ئاوازمە .

| ژمارەی چامە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | سندبادی چاوانتم | ٥ |
| ٢ | تکایە . . | ٦ |
| ٣ | ئەی دووکەڵ مژ | ٧ |
| ٤ | یادت ئەکەم | ٨ |
| ٥ | منو تۆو پێک | ١٠ |
| ٦ | دڵێکی دیل | ١٣ |
| ٧ | منو تاوەی چاوت | ١٤ |
| ٨ | گیانە بیبوورە | ١٥ |
| ٩ | دوا وچانی تامەزرۆم | ١٦ |
| ١٠ | جەژن ئەکری ! | ١٨ |
| ١١ | کێ ئەزانێ ؟ | ١٩ |
| ١٢ | پرسیارێکی ترسنۆک | ٢٠ |
| ١٣ | چۆن بتوانم ؟ ! ! | ٢١ |
| ١٤ | تۆ بێ من چیت ؟ | ٢٢ |
| ١٥ | بۆ ئافرەتێکی مار | ٢٤ |
| ١٦ | تۆ بۆ ئەکری ؟ | ٢٦ |
| ١٧ | بۆ نوقڵێکی ترشو شیرین | ٢٧ |
| ١٨ | زەر دەشتی چاوانتم | ٢٨ |

| ژمارەی چامە | ناونیشان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١٩ | دیاری هۆنراوە | ٣٠ |
| ٢٠ | ئەم شەو | ٣١ |
| ٢١ | ساواو شەرم ! ! | ٣٢ |
| ٢٢ | منیش ماسیم | ٣٣ |
| ٢٣ | سێو قران | ٣٥ |
| ٢٤ | تکایەکی بێزار | ٣٦ |
| ٢٥ | سێ کرم | ٣٧ |
| ٢٦ | بۆ کوێ ؟ | ٣٨ |
| ٢٧ | سەراب | ٣٩ |
| ٢٨ | ناو نیشانی چامەیەك | ٤١ |
| ٢٩ | دوا بریار | ٤٢ |
| ٣٠ | دل ؟ . . یاپەردە ؟ | ٤٤ |
| ٣١ | بۆ خاوەنی دوو چاوی تەواو قاوەیی . | ٤٥ |
| ٣٢ | گزل نەدان | ٤٧ |
| ٣٣ | بریارە دیتم | ٤٨ |
| ٣٤ | کەشتی هات و نەهات | ٤٩ |
| ٣٥ | بۆ ئاکاداری | ٥٠ |
| ٣٦ | سەما | ٥١ |

| لاپەرە | ناونیشان | ژمارەی چامە |
|---|---|---|
| ٥٢ | سرودێکی تایبەتی | ٣٧ |
| ٥٣ | سروودی دڵدارێکی لاوەواز | ٣٨ |
| ٥٤ | دۆستایەتی من و خەنجەر | ٣٩ |
| ٥٥ | بلۆف | ٤٠ |
| ٥٦ | پۆپەی پاڕایی | ٤١ |
| ٥٧ | ئەترسم و . . . | ٤٢ |
| ٥٨ | پارچەیە ڤاڵس | ٤٣ |
| ٥٩ | بۆ نەهاتی ؟ ؟ | ٤٤ |
| ٦١ | بانگ ئاواز . | ٤٥ |

## سوپاس بۆ

١ - برای بەڕێز کاك زامدار بۆ هاندانە کەرەوو پاکەکەی بۆ پەلە کردن لە چاپ کردنی دیوانەکەم .

٢ - بۆ کاك دلشاد مەریوانی کە بەدڵسۆزانە ڕەچاوەکانی هۆنراوەکانی کرد بە بەرکولی .

٣ - بۆ هونەرمەند کاك عومەر کەریم کە ئەرکی نەخشاندنی بەرگەکەی گرتە ئەستۆی .

نرخی (٣٠٠) فلسه

چاپخانەی کامەرانی سلیمانی ت ٢٣٥٠٨

١١٤ / ١٠٠٠ ٣ / ١٢ / ١٩٧٧

رقم الأيداع في المكتبة الوطنية ١١٧٩ / ١٩٧٧

لەبەر ئەرکی شێخ انور خاوەنی کتێبخانەی نالی چاپکراوە